# ئایا ووته و گوفتاری نابەجێ و حەرام ڕۆژوو بەتاڵ دەکەنەوە

[ کردي – کوردی – kurdish ]

## شێخ محمد بن صالح العثیمین

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# هل تحدث المرء بكلام حرام في نهار رمضان يفسد صومه ؟

« باللغة الكردية »

الشيخ محمد بن صالح العثيمين

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# ئایا ووته و گوفتاری نابەجێ و حەرام ڕۆژوو بەتاڵ دەکەنەوە

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی شیخ محمد بن صالح العثیمین کراوە ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت )

**پرسیار** : ئایا ووتە و گوفتاری نابەجێ و حەرام ڕۆژوو بەتاڵ دەکەنەوە ؟

**وەڵام :** بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان، سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفی وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

ئەگەر بە ووردی ئەو ئایەتە پیرۆزە بخوێنینەوە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿يا أَ يُّهَا الَّذِينَ ءَامَنُواْ كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾ واتا : ئەی ئەو کەسانەی

باوەڕتان هێناوە ڕۆژووی ڕەمەزان لەسەرتان پێویست کراوە

هەر وەکو لەسەر گەلانی پێش ئێوە پێویست کرابوو، بۆ ئەوەی خواناسی و پارێزکاری بکەن.

ئەوجا تێدەگەین مەبەستی سەرەکی و حیکمەت لە فەرزکردنی ڕۆژوو لەسەر بەندەکانی خوای گەورە تەقوا و خواناسین وپارێزگارکردنە لە سنوورەکانی خوای گەورە، دیارە مەبەست لە تەقوایش دوورکەوتنەوەیە لەو شتانەی کە خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی ( صلی اللە علیە وسلم ) حەرامیان کردوون، لەگەڵ ئەنجامم گەیاندی ئەو ئەرکانەی کە فەرمانیان پێکردووە، بۆیە دەبینین پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) لە فەرموودەیەکیدا فەرموویەتی : « من لم يدع قول الزور، والعمل به ، والجهل فليس لله حاجة أن يدع طعامه وشرابه » واتا : هەر ڕۆژووەوانێك واز لە درۆ وبوهتان وکاروکردەوەی خراپە نەهێنێت، ئەوە بێگومان خوای گەورە پێویستی بەو کەسە نییە کە واز لە خواردن و خواردنەوەی بهێنێت .

بۆیە ئەم فەرموودەیە ڕۆژووەوانان دڵنیا دەکاتەوە کە پێویستە واز لە کارو کردەوە و گوفتاری حەرامکراو بهێنن، بەوەی غەیبەتی کەس نەکەن و درۆو وبوهتان  دوو زمانی بەدەم کەسەوە هەڵنەبەستن، کڕین وفرۆشتنی حەرام ئەنجام نەدەن، بە کورتی واز بهێنن لە هەرچی کار وکردەوەی قەدەغەکراو هەیە ، جا ئەگەر مرۆڤ لەم مانگەدا خۆی ڕاهێنا لەسەر ئەم کارو کردەوە چاکانە ودوور کەوتەوە لە ڕەوشتی ناشیرین وکاری ناپەسەند بیگومان ئەوە لەتەواوی ساڵەکەیشدا کردار و گوفتاری ڕاست ودروست دەبێت، بەڵام بەداخەوە زۆرێك لە ڕۆژوەوانان پێانەوە دیار نییە کە بەڕۆژوون، وە جیاوازی ناکرێت لە نێوان ئەو ڕۆژانەی کە بەڕۆژوون لەگەڵ ئەو ڕۆژانەی کە بەڕۆژوو نین، چۆن پێشتر ڕاهاتوون لەسەر هەندێك خوو نەریتی ناشیرین وناپەسەند لە گووفتار وکرداریاندا بەهەمان شێوە کاتێکیش ڕەمەزان دێت هەر لەسەری بەردەوامن و وازی لێ ناهێنن، هەستی پێ ناکەیت کە بەڕۆژووە، ئەم  کارانە ڕۆژوو بەتاڵ ناکەنەوە و نایشکێنن، بەڵام ئەجر وپاداشتەکەی کەم دکەنەوە، و بگرە ئەگەر ڕۆژوەکەیان بەراوورد بکەیت بە کاروگوفتارە ناشیرینەکانیان پێدەچێت هیچیان بۆ نەمێنێتەوە تینوێتی و برسیەتی نەبێت .

خوای گەورە زاناترە

سەرچاوە : پەرتووکی فەتواکانی ڕۆژووی شێخ محمد بن صالح العثیمین لاپەڕە ٣٥٨.